**شنەی شاخ**

1- ساڵی 1983 ( هـ.پ.ك ) بێتوانەی ئازادکرد و کەوتە دەست پێشمەرگە ، دەسکەوت زۆربوو و بڕیاردرا چی کا و جۆ هەیە پێشکەش بە پێشمەرگایەتی خۆشناوەتی بکەن ،زاهیر هەرمکی کە خەڵکی خۆشناوەتیش بوو بەری نەکەوت ! ڕێك گفتوگۆی بەسەردا هات هەلیکۆپتەر هاتە زیخان ، وەفدەکە مام جەلال و شەهید قاسملوو و مەلا بەختیار و فەرەیدوون عبدالقادر و د.خدر بوون ، سواری هەلیکۆتەر ئەبوون ، د.خدر لە ناو دەرگای هەلیکۆپتەرەکە بوو ، زاهیر هەرمکی پەیدا بوو بە ڕاکە ڕاك و هاواری کرد د.خدر کا و جۆم بەرنەکەوتووە ! ( هەلیکۆپتەرەکە لەسەر فڕین بوو ) د.خدریش وتی کاك زاهیر خەمت نەبێت کا و جۆت لە بەغدا بۆ دەهێنم !

2- د.مشیر حەمە غەریب ڕابەری سیاسی هەرێمی 14 بوو لە دۆڵەڕەقە لە ساڵی 1981 ماڵی لە گوندی پڵنگیان بوو ، مام جەمال ئاغا و د.خدر و ئحسان وەلاشی و گلۆدزەیی و م .م دەعوەت دەکات و بە خۆشی دانیشتبوون ، لە پڕ دیکی م.م هات ژنێکی بەڵا بوو و هەمیشە جوێنی بە پێشمەرگەکان دەدا هەربۆیە بۆڵی بوو و حەزی نەدەکرد کەوا کوڕەکەی پێشمەرگە بێت ، لە ئە نجام وایلێکرد م.م تەسلیم ببوو ، بە خیانەت و ڕووڕەشی کوژرا ، جا هەموو برادەران دایکی م.م یان دەناسی کە قسەی ناخۆش و بێتام دەکات بۆیە د.خدر و مام جەمال ئاغا و ئحسان وەلاشی و گلۆدزەیی دەڕۆن و نانەکەشی ناخۆن و چۆڵی دەکەن ، دایکی م.م کە دەگاتێ و دادەنیشێ و دانانیشێ ( تڕ ) ێکی لێبەردەبێت ، د.مشیریش بانگی میوانەکانی دەکاتەوە و دەڵێ وەرنەوە وەرنەوە مەوقیف گۆڕا !

3- محمد سەعید فەتاح کەرەم وەیس ناسراو ( حەمە خرب ) خەڵکی پونگڵەی شارەزوور بوو ، کە م.س یەکێتی یاداشتێك دەداتە مام جەلال وەك ناڕەزایی ، حەمە خەرب دەچێتە حەجێ بەسەر مەرقەدی پێغەمبەر زۆر دەگریا ، دەپاڕێتەوە و دووعا دەکات ، مەرقەد ڕادەشەقێنێ و دەڵێت: پێغەمبەر وەبم بە قوربانت پیلانیان لە مام جەلال گێڕاوە ، دوخیلت بم بە هانای وەرە ! دامنا بوو ببێ بە سەرۆکی هەردوو دەوڵەتی عەرەبیش کەچی برادەران لێی ناڕازین ، وەش وەش بە گریانەوە ، بە واوەیلاوە ، لەسەر مەرقەدی پێغەمبەر بۆ مام جەلال دەپاڕێتەوە !!!

4- مام جەمال ئاغا بارەگای لە گوندی ( مالورسە ) بوو ، ئەو سەردەمە هیچ پێشمەرگەیە نەیدەوێرا خواردنی بە دیاری بۆ هاتبا بیخوا لە ترسی ژەهراوی کردن ، پیلان گێڕان ، مام جەمال ئاغا بە دەستێکی ئەمین هەندێك هەنگوینی باشی بۆ هاتبوو ! مام ڕۆستەم مێوانی دەبێت ، زۆر خانەدانانە هەندێك هەنگوینی بەیانی بۆ دادەنێت ، مام ڕۆستەمیش بە پارووی زل دایدەگرێت و تەواوی دەکات ، مام جەمال دەزانێت هەنگوینەکە وا بڕوا تەواو دەبێت بۆیە بە مام ڕۆستەم دەڵێت :
ئەو هەنگوینە ( گا ) نەیکردووە ( مێش ) کردوویەتی ئاگات لێی بێت!!!

5- ساڵی 1989 هیوا پ،م بوو لە دۆڵەکۆگە ، بۆ ئازووقە هێنان هێستر دەبات ، لە نێوان گوێزێ و دۆڵەکۆگە جێیەك هەبوو کە ناونرابوو ( دیواری مەرگ ) لوێدا هێستر هەڵدێراو تۆپی ، هیواش کورتانەکە هەڵدەگرێتەوە ، بە شانی خۆیدا دەدا ، مل لە بارەگای دۆڵەکۆگە دەنێت و دەڵێت ( الفاتحە )
پێشمەرگەکان سەریان سووڕدەمێنێ فاتیحەی چی ! هیوا دەڵێت : هێسترەکە هەڵدێراو و تەواو !!

6- پێشمەرگە بە گشتی حەزی لە هەورازان نەدەکرد ، چوونە سەرشاخ و هەڵگەڕان بە هەوراز ماندووبوونی دەوێت ، پێشمەرگەیەکی خە پە شووعی تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی لە بن هەورازێك دەبن پێشمەرگەیەك بە پێشمەرگە تازە هاتووەکە دەڵێت : بۆ ئەوەی نەڕوخێت و بە ئاسانی بەسەر هەوراز و لووتکەی شاخەکە بکەوی تەماشای بەرزاییەکە مەکە ، پێشمەرگە تازە هاتووەکە گوتبووی بۆ زووتر واتان نەگووت ، من پێشتر تەماشای سەر شاخەکەم کرد ، دوو پێشمەرگەی حزبی شووعی لە بەتالیۆنی 15ی قەرەداغ ڕووخابوون و ورەیان نەمابوو ، لێپرسراوەکەیان حەمە ڕەشید قەرەداغی لە بن هەورازەکە دەیەوێت ورەیان بەرز بکاتەوە و قسەیان بۆ دەکات هەرچەند دەکا و دەکوڵێ دوو پێشمەرگە ڕووخاوەکە ورەیان بەرزنابێتەوە ، پێشمەرگە ڕووخاوەکان دەڵێن قسەی چیمان بۆ دەکات ، خەبات و پێشمەرگایەتیمان بۆ ناکرێ ، وە دەڵێن تا نجی بە زۆر ڕاوناکا ، کەری تۆپیو جۆ ناخوا ! ئیتر لە بنی هەورازەکە دەچەقن و تەسلیم دەبنەوە !

7- چەند پێشمەرگەیەك لە ماڵێك لەو گەرمیانە دەبن ، پێشمەرگەیەك چای لەبەردەم دەبێت ، خاوەن ماڵەکە دێتەوە و وردبینی ئەوانی دیکە چایان لەبەردەم نییە ، بۆیە بانگ لە ژنەکە دەکات و دەڵێت : ئافرەت چایان بۆ تێکە ، ژنەکە دەڵێت ناخۆنەوە و کابراش زۆر بە خێرایی دەڵێت : گوو ناخۆنەوە ، بۆیان تێکە ، گووی چۆن ناخۆنەوە !!

8- شەهیدانی ئازادی حەمە گەمحان و دڵزار و ڕزگار لە ساڵی 1987 شەهید کران ، ڕێو ڕەسمی شوشتن و ناشتنیان لە گوندی شیوەشانی دەشتی کۆیە بۆ کرا ، چونکە سێ شەهید بوون ئاوێکی زۆریان گەرم کرد ، سەرەنجام شوشتیانن بەڵام مەنجەڵە ئاوێکی گەرم زیادبوو ، نەوزادی مەجید سووسکە زۆر چڵکن بوو ، جل و بەرگ و جەمەدانی پڕ قرێژ و پەڵەی چڵکنی بوو ، سامانی فائق ئاغا پ.م بوو لە تیپی 93ی کۆیە ، لەو وەزعەدا بە کابرای میت شۆر وت : با ئەو مەنجەڵە ئاوە گەرمە خەسار نەبێت ، نەوزاد زۆر چڵکنە زەحمەت نەبێت ئاوێکی پێدا بکە و بیشۆ !!

9- لە ساڵی 1985 تەها پ.م بوو لە تیپی 31ی سلێمانی دەستی فیتەری هەبوو ، کەرتی چواری تیپی 31ی سلێمانی ئۆتۆمبێلێکیان لە گوندی ( مالورسە ) لێ تێکچوو ، ئۆتۆمبێل پەکی کەوت ، تەهاش دەیویست چاکی بکاتەوە ، بەڵام کەچە و کۆنە بەرگێکی پێویست بوو زۆر گەڕا لە ناو گوند بۆ بەرگێکی کۆن بۆ ئەوەی کە بچێتە ژێر ئۆتۆمبێلەکە ، سەرئەنجام کچێکی گەنج لەوێ بوو گووتی کراسێکی کۆنم هەیە و بە کەڵکی لەبەرکردن نایەت و دایە دەست تەها ، تەهاش جلکە ژنانەکەی لەبەرکرد و چووە ژێر ئۆتۆمبێلەکە لە پڕ دایکی کچەکە لە کانی هاتەوە ، کراسی کچەکەی بینی وایزانی کچەکەیەتی ، بە تووڕەییەوە دەستی کرد بە تف لێکردن و جنێوپێدان ، تەهاش لە ژێر ئۆتۆمبێلەکە و بە کراسی ژنانە و چەور و گریزاوی هاتە دەرێ ، دایکی کچەکە تەریق بۆوە و هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین !!

10- تیپی 15ی شارەزوور پاش سێ مانگ لە ئەرك و شەڕ گەڕانەوە ، کە دەگەڕێنەوە لە گوندی کەندەکەوە لە نزیك تاسڵوجە بەسەر کەمیندا دەکەون و تەقە لە زۆریان دەکرێت ، وەرزیش زستان بوو لە قوڕ دەچەقن و پێڵاویان لێ بەجێ دەمێنێ ! زۆر قوڕاوی و ماندوو دەبن و دەگەنە گوندی ( تەپەڕەش ) شەهید خەلیل سەراوی و ئەکبەرسان ئەخمەد لە دەرگای ماڵێك دەدەن ، ژنی ماڵەکە دەرگایان

لێناکاتەوە ! ژنەکە دەڵێت پیاومان لە ماڵ نییە بەو شەوە درەنگە ، دەرگاتان لێناکەمەوە ، چونکە پیاوەکەم لەوێ نییە ، ئەکبەر سان ئەحمەد دەڵێت خوشکم دەرگامان لێبکەوە وەرە حاڵمان ببینە بزانە پیاوەتیمان تێداماوە هەندە قوڕاوین و ماندووین و بەسەر کەمیندا کەوتووین ، حاڵمان شڕە ئەو پیاوە نین وەك تۆ واین !!

11- ( ش.ع.ك ) ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بوو زۆر ململانێ دەکرا لەسەر ئەوەی شۆڕشگێرانە لەلایەن کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە ، ( ش.ع.ك ) پ.م بوو لە تیپی 11ی هەورامان ، بێزار بوو بوو لە ئەو ململانێ و ئازار و دەردی ڕێکخستن ، لە پڕ دەبێتە کۆمەڵە ، هەڤاڵان و هاوڕێیان زۆر پێیان سەیر بوو ( ش.ع.ك ) ببێتە کۆمەڵە چونکە ئەو شۆڕشگێرانە تۆخ بوو ، ماوەیەك مایەوە ، دوایی ڕێك تەسلیم بە ڕژێم دەبێتەوە ،سەرەنجام دەبینین دەڵێن مادام تەسلیم دەبوویەوە ، بۆ لە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان شۆڕشگێران بوو ، بوویە کۆمەڵە !! ( ش.ع.ك ) دەڵێت : بە بیروباوەڕ شۆڕشگێڕان بووم ، لە خۆشەویستی و ڕێز بۆ شۆڕشگێڕان بۆیە بوومە کۆمەڵە تا نەڵێن شۆڕگێڕانەش تەسلیم بۆتەوە ، دەڵێن پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە تەسلیم بۆتەوە ، بۆیە نەمدەویست بە شۆڕشگێڕان تەسلیم ببمەوە !!

12- ملازم عومەر ئەندامی م.س ( ی.ب.ك ) بوو لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بوو ، مامە قالە پ.م بوو لای ، جارێك ملازم عومەر لێی توڕە دەبێت ، ڕێك زلەیەك بە مامە قالە دەکێشێ ، دوایی ئاشتی دەکاتەوە ، دوو هەزار تمەنی ئێرانی دەداتێ ، مامە قالەش دەڵێت شەڕ لەگەڵ تۆدا خێری تێدایە !!

13- فاروق کەمال لە بەگی وەرێ ناسراو بە زیرەك کەمال ، لە ڕێکخستن پەیوەندی لەگەڵ حزبی شوعی هەبوو ، ساڵی 1984 دەبێتە پێشمەرگە ، دار و دەستەی بەعس بانگی کەمال بەگی وەرێ دەکەن ، دەڵێن کوڕەکەت لە کوێیە! کەمال بەگی وەرێ چ زانیاری نابێ کەوا کوڕێکی ( بۆ پێشمەرگەیە ، زۆری دەهێنن و دەبەن ) ئەوان دەزانێ کوڕەکەی پێشمەرگەی حزبی شوعیە ، بۆ کەمال بەگی وەرێ قورس بووە چونکە خۆی ، بەگزادەکانی خۆشناوەتییە ، لەگەڵ بیرۆکەی حزبی شووعی یەکناگرێتەوە ، کە دەگەڕێتەوە بۆ گوندی وەرێ ، نامەی کوڕەکەی بە دەست دەگات ، ئاماژە بە ئەوە دەکات کە دیار نەبووە ، بۆتە پێشمەرگەی حزبی شوعی و لە کۆتایی نامەکەی نوسیبووی کوڕی خۆت زیرەك !! کەمال بەگی وەرێ

هێندەی دایکی تووڕە دەبێت ، وە دەڵێت : گەر لەسەر بوونی بە شوعیەت نەیکوژم بەڵام هەردەبێ ناوی (زیرەك) بیکوژم ، چونکە بەگزادەیە و ناوی چاوشەکی لە خۆی ناوە !!

14- پاش ئەنفالەکان ساڵی 1989 بارزانی قالە خەڵوز بە پەلە و مەشغوڵی و مشەوەشی دەیەوێ بچێتە فرۆشگای نۆکان ، مام ساڵح ڕەشی مالووسە کە پاسەوان و ئێشکگری مام جەلال بوو ، لەو کاتە مام جەلال لەبەر هەیوانی ماڵەکە بوو ئاسایی وەستابوو ، مام ساڵح ڕەشیش ئێشکگری بوو ، بە بارزانی قالەی خەڵوز دەڵێت بۆ وا بە پەلە و خێرا و مشەوەشی ، بارزان دەڵێت : وەختم نییە زۆرم ئیش هەیە !! واز بهێنە مام ساڵح ڕەشی مالووسە سەیری پێدێت ، دەڵێت ئیشی چیت هەیە ، تۆ ....چی... قابیلە لە مام جەلال گەورەتر بی ئەو ڕابەر و سەرۆکی کوردانە ، ئەوە دەبینی بێ ئیشە !!

15- خێزانی (م.ع) لە سەقز کۆچی دوایی کردبوو ساڵی 1989 دلێری سەید مەجید سێ مەلای هێنابوو بۆ مەسەلەی قورئان خوێندن ، یەك لە یەك دەنگ ناخۆشتر! سەرەنجام (م.ع) دەڵێت : کاك دلێر ئەو مەلا دەنگ ناخۆشانەت لە کوێ هێناوە ، ئەمانە کەی مەلان ! نەدەبوو مەلایەك بهێنی دەنگی خۆش بێ ! دلێری سەید مەجیش دەڵێت : چ بکەم خۆ تاقییان ناکەمەوە ، سوڕەتێك قورئانیان پێ ناخوێنم ، چوزانم دەنگیان خۆشە یان ناخۆشە !!

16- لیوا خەلیل دهۆکی بادینی بوو ، لە قسەکردندا (ی) بەکاردەهێنا بۆ نموونە بە خەسووی دەگووت خەسی ، بە میسل بە حکومەتی دەوت حیکمەت ، لە شەڕەکانی سەرکردایەتی تووشی بەرزانی قالەی خەڵوز دەبێت ، لیوا خەلیل دەپرسێت : بارزان حیکمەت گەشتۆتە کوێ ؟! بارزان دەڵێت حیکمەت لە سەرگەڵووە (بارەگای فەرەیدوون عبلاقادر) لیوا خەلیل دەحەپەسێ چۆن حیکمەت هاتۆتە ئەوێ ، کەوابێ سەرکردایەتی گیراوە ، تومەز مەبەستی بارزان حیکمەت بوو پ.م بوو لە بارەگای فەرەیدوون عبدالقادر !!

17- له داستانی ڕزگاری مام جەمال ئاغا جیهازێکی هۆکی تۆکی پێدەبێت قسە لەگەڵ دوست عەبدول دەکات ، جیهازەکەی دوست عەبدول کۆدە نهێنیەکەی سفر شەش بوو ، لەو کاتە مام جەمال ئاغا لەسەر ئەسپ ئەبێت ، دوست عەبدول پەیوەندی پێوە دەکات ، ئەسپەکە هەر دەجوڵێ و ناوەستێ مام جەمال لەسەر جیهازەکە دەڵێت ( هۆش سفر شەش ) !! دوست عەبدول دڵگران دەبێت وادەزانێ لەگەڵ ئەویەتی!!

18- ئەنوەری مەلا بە بێ چەك لە بازگەی ئێران ئەبێت ، ڕایان دەگرن ! کابرای پاسدار لە ئەنوەری مەلا دەپرسێت ( موسەلەح هەستی ) واتە چەکداری ؟ ئەوەری مەلاش چەکی پێ نابێ دارێکی پێیە لەسەرخۆ دەڵێ نەوەڵا ( دارەرا هەستم ) جەناب !

19- فەرەیدون عبدالقادر بانگی مارف سیتەکی دەکات کەوا کارێکی هەیە بە سێ پێشمەرگەی ڕێك و پێك ئەوا دەچن بۆ ئە نجام دانی کارێك ، فەرەیدون عبالقاد دەڵێت : پێشمەرگەیەکیان چاوساغ بێت ، ماف سیتەکی چاوێکی نابینا بوو دەڵێ ، خۆم ، دوای دەڵێت پێشمەرگەیەکیان قاچی ڕاست و ساغ بێت دەڵێ ، دلاوەرە شەل ، کە قاچی تەواو نەبوو ، سێیەمیان ئەڵێت یەکیان ئاقڵ بێت ، مارف سیتەکی عەلی بۆڵەبۆڵ دیاری دەکات ، فەرەیدوون عبالقادر تورە دەبێت و دەڵێت : تەماشای بەخوای شێتم دەکەن !!

20- عادل بنگردی پ.م بوو لە ڕیزەکانی ( ی.ن.ك ) شەوێك لە کە پکی شیلانە زۆر سەرمای دەبێت و چونکە زستانە بوو ، بەفر کە پکی شیلانە و شاخی دا پۆشیبوو ، پاش ئەرك و لە سەرمان ڕوو لە گوندی ( گەرۆتە ) دەکەن لە ناو خوێندنگەیەکدا دەبن ، مقەبا ڕادەخا و کۆڵە پشت و تاقمەکەی دەکاتە سەرین بەڵام ساردبوو شەو درەنگ بوو ، شەو خەوی لێناکەوێ ، ناچار ڕوو لە ماڵێك دەکات ، سەگێکی پێ دەوەڕێ و ڕاوی دەنێ ، ڕوو لە کاولە خاویەك دەکات ، کەرێکی لێدەبێت و کورتانێکی باشی بە پشتەوە دەبێت بۆیە کورتانەکە لێدەکاتەوە و دەیباتەوە بۆ ناو مەکتەبەکە و لە بنی کورتانەکە دەخەوێ !
بۆ بەیانی دەیەوێت کورتانەکە بباتەوە ، خاوەن کەرەکە توشی دەبێت و دەڵێت کورتانەکەم بدەوە ، عادل بنگردی بە خاوەن کەرەکە دەڵێت ، ڕاستە تۆ خاوەنی ، بەڵام خاوەنە ئەسڵەکە کەرەکەیە ، تۆ خاوەنی ئەسڵی نیت ، سوپاستان ئەکەم !!

21- **عوسمان مەلا داود پ.م بوو لە ( سەرکردایەتی ) خرتە قەلێکی باشی دەبێ ، هەر قەڵەوە دەکا و نا یخوا و سەرینابڕێ ، بارزانی قالە خەڵوز و شەماڵی بەهجەت کابان دوو پێشمەرگەی دیاری ناو ( ی.ن.ك ) بوون ، پێ دەزانن قەلەکە دەگرن و سەری دەبڕن ، وەختەکەش زستان بووە و بەفر هەمووی دا پۆشیبوو و ، قاچەکانی قەلەکە بە دوو دارەوە دەبەستن و جێی پێی هەڵدەگرن و وای لێ ئەکەن و دەییەنە بەردەم مکاڵی وەستا کەمال ، وەستا کەمال ئاگای لە هیچ نییە ، عوسمان مەلا داود دێتەوە لە قەلەکە دەگەڕێت بە شوێن پێ وا دەبینێ لە ماڵی وەستا کەماڵە ئیتر وەستا کەمال دەڵێ قەلم نەدیوە ، پەختە لەسەر قەلەکە و جێپێیەکەی بەشەڕ دێن ، بارزان و شەماڵ ئاگایان لێیە ، قەل لەلای ئەوانە و قوڵپ قوڵپ دەکوڵێ ، دەڵێن قەلەکە کوڵاوە با بیخۆین ، ئەوانەش با مەشغوڵی شەڕ و لێدان بن !!**

22- **ساڵی** 1985 **حەسەن عەوێنە و جولال شەکری پ.م بوون لە تیپی** 85**ی بەڕانەتی لەناو هەولێر جێبێکی مۆدێل** 1984 **ڕەقەم شین دەهێنن و دەگەڕێنەوە بۆ گوندی ( دەربەندی سەیدان ) شەهید عومەر عەوێنە فەرماندەی کەرت بوو ، خەڵکی گوندەکە و چەند مامۆستایەك پێی دەڵێن بەڕاستی جێبێکەی ئەو پاکە ! بۆ ئێمە باشە بۆ هاتووچۆ و شەهید عومەر عەوێنە دەڵێت کە زۆر هەرزا نمان کڕیوە ، مامۆستاکان وتیان بۆ نایدەنەوە بۆ ئێمە ، شەهید عومەر عەوێنە دەڵێت بۆیە وا هەرزا نمان کڕیووە ، ئەم جێبە** 10 **ساڵ زەڕییە قەرزارە و بە کەڵکی ئێوە نایەت خۆی جێبەکە مۆدیل** 84 **بوو باکەکەشی** 85 **بوو ( هەموو عومری جێبەکە یەك ساڵ بوو ) مامۆستاکانیش دەڵێن ئا ...لۆیە وا هەرزانتان کڕیوە ، بە کەڵکی ئێمە نایە مادام ئەوەندە ساڵە زەڕییە قەرزار بێ !!**

23- **پاش ئەنفالەکان ساڵی** 1988 **پۆلێك پێشمەرگە لە گەرمیان لە خۆشاردنەوە و پارتیزانی بوون ، شێخ تەها لێپرسراوی کۆمەڵایەتی لە تیپی** 59**ی حەمرین بوو ، یەکێك لەو پێشمەرگانەی مەفرەزەکە ( ئاری مامۆستا ڕەئوف بێگەرد ) بوو ڕۆژێکیان بۆ جێگۆڕکێ وتیان بە پەلە با ( هێستر )ەکە بار نەبێ، مام ئاری بە ئاری دەڵێت بڕۆ ( ڕێشمە و سەرکەللە و قەراسەکە ) بهێنە ئاری دەحە پەسێ و نەیدەزانی ئەو کەل و پەلانە چین ! چەند دەکات سەری لێدەرناکات ، مام تەها تورە دەبێت و دەڵێت : ئەو شتانە نازانی تا**

چەندت خوێندووە ، ئاریش دەڵێت : تا شەشی ئامادەیی ، مام تەها دەڵێت : عەمری ئەو مامۆستایە نەمێنێت کە دەرسی پێوتووی ، چۆن نازانی ڕێشمە و سەرکەللە و قەراسە چییە !!

24- ساڵی 1986 تیپی 78ی کاروخ لە خۆشناوەتی بوون ،حسێن مامۆ وەرتێ لە ماڵێك دەبن دوو کچی پێشمەرگەی لە تەنیشت بووە ! شەو یەکێك لە پێشمەرگەکان دەڵێت با بخەوین ، حسێن مامۆ وەرتێ جێی باش بووە ، دوو نازداری لە تەنیشت بووە ، گوایە وتوویەتی با هەر کەس لە شوێنی خۆمان بخەوین ، وەڵا بابە خراپ نییە !

25- لە بەهاری ساڵی 1983 حسێن مامۆ وەرتێ لە دەستەی شەهید حەسەن کوێستانی بوو ، ئەرکی پێشمەرگایەتی لە دەشتێ وەزنێ بوون لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی ئێران ، ئەو سەردەمە لە عێراق و ئێران بۆردومان دەکەن بۆ خۆشی کفتەیان لە ئێرانەوە بۆ هاتبوو ، کفتەی تەورێز ناوبانگی هەیە ، لەو کاتەی بۆردومان بووە ، یەکێك لە پێشمەرگەکانی تیپی 78ی کاروخ لە کاتی بۆردەمان کفتەیەك لە پ.م محمد عومەر دەدات کە لە هەمان تیپ بووە ، کفتەکە لە تیلەقەی پشتی دەدات ، پ.م محمد عومەر دەست لە پشتی دەدات ، دەزانێت کە تەڕ و پلیقاوەیە ، ڕێك هاوار دەکات و دەڵێت بچەمێنەوە ، بریندار بووم و کوژرام ، برینەکەم گەرمە بۆیە ئازارم نیە !!

26- ساڵی 1984 لە بارەگای مەڵبەندی سێ لە بۆتێ لیستی پێشمەرگەکان دەکەن ، پێشمەرگەیەك بە ناوی جەلال بە پەلە هات ، لەو کاتەی لیستەکە وا دادەڕێژرا سەڵت و خێزاندار دەنوسرا ، بۆیە پ.م جەلال لە جیاتی بڵێ خێزاندارم ، گووتی کاکە من بە ژن بنووسە !!!

27- ساڵی 1987 تیپی 78ی کاروخ لە دەشتی کۆیە ( قازبەگیان ) بوون ، پۆلێك فڕۆکەی پیلاتۆز بۆردوومانی کرد ، تەنانەت هێشوویەك بۆمبا کەوتە سەر سفرەی پێشمەرگەکان ، هەموو پێشمەرگەکان لە ژوور دەرپەڕین بۆ دەرێ تەنها پ.م ( محمد خدر ) نەهاتە دەرێ ، حسێن مامۆ وەرتێ لێی دەپرسێ بریندار بووی بۆیە بۆیە نایە دەرەوە ، پ.م محمد خدر دەڵێت : نەوەڵا بریندار نەبووم ، شەهید بووم !!!

28- ساڵی 1986 شەهید حەسەن کوێستانی لەگەڵ دەستەکەی لە دۆڵی جافایەتی دەبن ، پایز دەبێ و شەویش دەبێ ، شاخەکەش تاریك دەبێ ، شوانێك لەسەر شاخ لایتیان بۆ لێدەدات بۆ ئەوەی ڕێگاکەیان لێ ون نەبێت ، پێشمەرگەیەك بە ناوی عبداالله ڕێبەکەی لێ تێدەچێ بۆیە بە شوانەکە دەڵێت : کاکی شوان لەسەر ڕا بۆمان لێبدە تاکو بنی ، مەبەستی لایت داگیرسان بووە ، شەهید حەسەن کوێستانی بەو ماندووبوون و سەغڵەتە دەڵێت : کاکی شوان بۆ منی لێمەدە !!!

29- پێشمەرگەکانی تیپی 86ی دەشتی هەولێر ، بە ڕێکەوت ڕۆژی هەینی لە گوندی ( جل بەسەر )ی سەیدان دەبن هەندێك لەو پێشمەرگانە دەچنە نوێژی جومعە ، بۆ ئەوەی خەڵکەکە زیاتر لوتفی هەبێت ، خزمەتیان پتر بکەن ، یەکێك لە پێشمەرگەکان لە جومعە و جەماعەتەکە دەڵێت : خوایە گومان خوارد ، چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێت : خوایە تۆبە ، خوایە گوومان خوارد ، یەك لە سەیدەکانی گوندی جل بەسەر لە تەنیشت ئەو پێشمەرگەیە دەبێ و پێی دەڵێت : ئەرێ کاکە بۆ ناڵێی خوایە گوم خوارد ئەو خەڵکە هەموو بۆ گوو خواردوو دەکەیت ، پێشمەرگەکەش دەڵێت : ئاخر هەموو شتێك بە جەماعەت خۆشە !!!

30- پێشمەرگەکانی هەرێمی یەك کە حەمەی سعب مەحمودی کە فەرماندەی هەرێم بوو لە شارەزوور ، هاتنە خۆشناوەتی لە ساڵی 1980 دوو پێشمەرگەی هەرێمی یەك لە گوندی شێرەی خواروو لە دەرگای ماڵێك دەدەن ، دەیانەوێت دابەش بن و دامەزرێن و نان بخۆن ، ژنی ماڵەکە دەڵێت : پیاومان لە ماڵ نییە ! پێشمەرگەیەك دەڵێت : پیاوتان لە ماڵ نییە چییە ، خۆ دۆمینەی لەگەڵ ناکەین ، نان دەخۆین و ئەڕۆین !!

31- ساڵی 1978 حامید سعب عالی و حەمەی سعب مەحموود لە گلان گەردی برادۆست دەبن کە بەفر و بەستەڵەك بوو ، لەناو بەفر لێی خەوتبوون ، سوپای عێراقی دێنە سەریان ، حامید سعب غالی خەوتبوو ، حەمەی سعب مەحموودی هەرچەند دەکات حامید هەڵناستێ و سەرەنجام بە تەکان و ڕاوەشاندن لە خەو لەسەر بەفر هەڵیدەستێنێ ، حەمەی سعب مەحموود بە حامید دەڵێت :

پێشمەرگایەتیت بۆ ناکرێ ! حامید سەیرێکی حەمەی سعب مەحموودی کردووە و دەڵێت : توخوا ئەوە پارتیزانی یە یان وەحشی زانی ، لەسەر بەفر بخەوی و تا بەیانی بیبەستی !!

32- لە مانگی 10ی ساڵی 1976 سەرەتای شۆڕش لە نێوان هەسەنادا و پەیس دا دەڕۆیشتن ، شەهید عەلی شیعە بە ڕێگاوە خەوی لێدەکەوت و دەشڕۆیشت ، پێی لە جێ پێی پێشەوەی کەسەکان دادەنا بۆیە بانگی پ.م کامەران دەکات و دەڵێت وەرە پێشەوە با تاوێ بخەوم ، پێشکەوە ، کامەرانیش دەڵێت بۆ هاوڕێ عەلی شیعە من فارغۆنم تۆ بخەوی !!

33- شەهید مامۆستا عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو ، لەسەر ڕێگای بێگلان بوون لە پشتی (هەڵشۆ) ، شەهید مامۆستا عەزیز هەرچەند کردی و کولاندی پێی نەکرا باری وڵاغەکە ببەستێ ، کابرای خاوەن وڵاغ هات و بە مامۆستا عەزیزی وت : برۆ بەولاوە بەو هەموو سمێڵەوە ناتوانی وڵاغێك باربکەیت ، بە کەڵکی چی دێت ، مامۆستا عەزیزیش تۆزێك وەستا و وتی: ئەی تۆ دەزانیت سەیارە لێبخوڕیت ، خاوەن وڵاغەکە واتە قاچاخچییەکە وتی : تۆ ئێستا پێویستیت بە وڵاخە نە سەیارە !!

34- لیوا فوئاد عومەر چەلەبی ناسراو بە مولازم فوئاد ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق ساڵی 1972 ئاشکرا بوو کە پارتییە ، بووە پێشمەرگە ،ئەوەش قەدەغە بوو لە سوپای عێراق کە ڕێکخستن بێت ، بەس دەبوو بەعسی بێت ، بۆیە مولازم فوئاد پارتی بوو هاتە دەر ئیتر لەو ساوە بێ پسانەوە پێشمەرگەیە ، خۆی ڕەسەنە هەولێری ، خۆی و بابی و ئەژدادی لە قەڵاتی هەولێر لەدایکبوون ، لە هەولێریە تۆخەکانن ! لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ وە پێشمەرگەیە ، پاش نسکۆش 1975 نەگەڕایەوە عێراق چووە سوریا ، لە ناو (هـ.پ.ك) بوو ، ئەندامی مەکتەب عەسکەری ، دوایی لە مەڵبەندی هەولێر لە ساڵی 1981 لێپرسراوی عەسکەری بوو لە گوندی وەرتێ ! ناسیاوەتیان لەگەڵ وەرتەیان هەبوو ، خەڵك وای دەزانی وەرتەیی یە ، پێشمەرگەکانی وەرتەیی بوون ، جارێك لێی دەپرسن خزمایەتیتان لەگەڵ وەرتەیی یە یان چییە ، وەك باوە لە کوردەواری خزمایەتی بەرەو پشت هەیە خزمی بەرەی دایك و خزمی پشت هی باوکە بۆیە مولازم فوئاد هەولێریانە دەڵێت : ئێمە لەگەڵ وەرتەیان لە قوونڕا خزمین ، خزمی قونێین !! (قینگ ) واتە قوون !!

35- ساڵی 1983 سامی شۆڕش و جەوهەر کرمانج و سعداد پەرۆش دێنە وەرتێ ، وەرتێ گوندێکی خۆشە لە بناری کاروخ ، بە دار و درەخت و کانی و کانیاو و سازگارە و کوێستانی هەیە (کوێستانی مەکێ) ! گوندێکی گەورە و فراوان و بە دیمەن و دڵگیرە ! ئاوێکی سازگار و بەفراوی بە ڕووبار لەسەرەوەی گوندی وەرتێ هەڵدەرژێ ، سێ مزگەوتی لەسەرە ،ئەو ئاوەی ئاودەستخانەی مزگەوتەکان تێکەڵ بەو ئاوە سازگارە دەبێت ، ویستیان پڕۆژەی ئاوی بۆ بکەنەوە ، پێیان خۆشنەبوو مەلای گوندی لە نوێژی هەینی فەرمم بووی باو با پیرا نمان هەر لە ئاوە گواوەیان خواردۆتەوە ئێمە پرۆژەمان ناوێت ، جارێك بە مەلای گوندی دەڵێن کە ئەو ئاوە پیسە ، ئاودەستخانەی لەسەرە ، مەلای گوندیش گوتبووی : پێش چی ، بچن بە فەردە شەکری تێبکەن ، بزانن ئەو ئاوە شیرین دەبێت !!! ئەو ئاوە سازگارە ، ئاودەستخانەی مزگەوتەکانی هەر لەسەربوو ، جا ئەو سێ شاعیرە ( سلمی شۆڕش ) و ( جەوهەر کرمانج )
و ( سعداد پەرۆش ) دێنە وەرتێ و لەو ئاوە دەخۆنەوە ، شاعیرانە دەڵێن کوردستان ئەو ئاوەی هەبێت قەت ناڕوخێ ، چ خۆشە ئەو ئاوە ، پاك و سازگارە ، کە دێنە لای مولازم فوئاد کە بارەگای لە وەرتێ بوو ، هەمان قسە دەکەنەوە ، مولازم فوئاد دەڵێت : ئلوی پاك و سازگاری چی ، ئێوە گوواوتان خواردۆتەوە !! ئۆبالٌ بە ملی مولازم فوئاد !!

36 – نۆ کەس بوون لەوانە سعدالله پەرۆش و جەوهەر کرمانج و خالید جووتیار و ... دەیانەوێ لە سەرکردایەتییەوە لەخڕێ ناوزەنگ و زەڵێ یەوە بچنە وەرتێ , سەعدالله پەرۆش و جەوهەر کرمانج خۆیان دەبەستن , تاقمی مەخزەنی پڕ فیشەك و دەمانچەو روومانەو شایەلەی چەپ و ڕاست و جەمەدانی , پێشمەرگەی پۆشتەو پرچەك و تفاق بەڕێ دەکەون بەرەو وەرتێ , پێشمەرگەیەکی ئەو ناوچەیە تووشیان دەبێ و ئەلێت بۆ کوێ ئەچن ئەوانیش دەڵێن بەرەو وەرتێ , پێشمەرگەکە دەڵێت : شارەزان؟ ئەوانیش دەڵێن ناوەللە ئەو ڕێیە دەگرین ڕاست و ڕاست وا دەڵێن دەگەینە وەرتێ , پێشمەرگەکە دەڵێت : کاکینە وانابێت شارەزا نەبن چۆن دەڕۆن ، ڕێپیشاندەری پێشمەرگە دەکەم و پێشانتان دەدەم و چاوساغیتان ئەکەم و شارەزام ، با توشی کێشە و ڕوداوێك نەبن ! سعدالله پەرۆش بە هەموو چەك و تفاق و ڕوومانانەوە و نۆ کەس بە پێشمەرگەکە دەڵێت : بەو شەرتە لەگەڵت دێین کە لە ڕێگا چەکمان نەکەیت !!! ئەوان نۆ کەسن و پێشمەرگەکەش بە تەنیا !!!

37- فازڵ قەساب و حاکم پێشڕەو سەید ئیبراهیم هەردوکیان کادیری ڕاگەیاندن بوون ، ڕۆژنامەی ( ڕزگاری ) زمان حاڵی شۆڕشگێڕانیان دەردەچواند لە ساڵی 1987 لە نۆلە کۆگە ، مشتومڕیان بووە لەسەر ڕێی ناسکۆ لاس قەڵەو ، حاکم پێشڕەو نموونەی دەهێنایەوە کەوا ( ر ) ڕاسترە لە ( ڵ ) ، وەك دڕك و دارە ، نەك دڕك و داڵ ، سمێرە نەك سمێڵ ، چونکە نێر واتا پیاو ، مێل مانا نادات ، پێراوە نەك پێڵاو چونکە پێی دەڕۆیی لە پێرۆشتنەوە ناڵێی پێی ناڵۆی ؟؟؟ واتە ( ڕ ) ڕاسترە لە ( ڵ ) فازڵ قەساب دەڵێت : ڕاست دەکەی بەڵام ئەوەی بۆم هەزم نابێت ؟ گەر بڵێی کەم بژی ، کەڵ بژی ئەبێتە کەم بژی ، کەر بژی ؟؟؟

38- لە یەکی ئایاری ساڵی 1983 لە دۆڵی خانەقا تیپی 78ی کاروخ یادی جەژنی کرێکارانی جیهان دەکاتەوە ، ئازاد جوندیانی ئاهەنگگێڕ دەبێت بە دەم مایکرۆفۆنەکەوە دەڵێت : ( با بە گیانێکی مارکیسیزمی و لینیزمی یانەوە جیهانێکی ئەنتەر ناسیۆناڵ بنیات بنەین ) شەهید عەزیز داود ناسراو بە عەزەی داود جێگری تیپی 78ی کاروخ هەڵدەستێ و دەڵێت : تەلاقم کەوتبێ ئەو قسەیە تێنەگەیشتووە مەگەر خۆت تێبگەی دەڵێن ئینگلیزی دەزانی ؟؟؟

39- محمد عەلی عبدالحمن ئەڵماس لە خۆشەویستیدا باوکی پێی وتووە ( حەمتان ) لە ناو پێشمەرگە و شۆڕش و خەڵکدا ناسراوە بە ( جەلال کوڵکنی ) سەرتیپی 15ی شارەزوور بوو ، پێش ڕا پەڕین ، پێشمەرگەیەکی دلێر و لێپرسراوێکی ناسراوە ، هەر بە جەلال کوڵکنی دەیناسن ، کەم دەزانێ ناوی ڕاستی چییە ؟ خۆشی بیری چۆتەوە ناوی چی بووە ؟ بۆیە لیستی پێشمەرگە دێرینەکان لە شارەزوور دەکەن یەکەم ناو دەنوسێ ( محمد عەلی عبدالحمن ئەڵماس ) ( حەمتان ) ، دەیخەنە بەردەم جەلال کوڵکن ، تەماشای لیستی پێشمەرگە دێرینەکان دەکات بە تووڕەییەوە دەڵێت درۆ دەکات لە ژیانیدا محمد عەلی عبدالحمن ئەڵماس ( حەمتان ) پێشمەرگە نەبووە ، لاییەن قابیلە پێشمەرگە دێرینەکان نەناسین ؟ برادەران پێی دەڵێن بە پێکەنینەوە وەڵا ڕاست دەکات چونکە یەکەم ناو خۆتی کاك جەلال کوڵکنی ؟؟؟

40- نزار خەیلانی نووسەر و شاعیر ، لە ڕێکخستنی ( ی.ن.ك ) بوو کەوتە ئەڵمانیا ، لەوێش هەر کاری ڕێکخستنی دەکرد ، لە ئەوروپا لەگەڵ کچێکی ئەڵمانی پێك دێن ، بەڵام کچە ئەڵمانیەکە لە خێزانێکی نازی بوو ، دەستگیرانەکەی نزار خەیلانی ، ناوی ( گیزلا ) بوو بە نزار خەیلانی دەڵێت : ماڵەوە ڕازی نابن

شوو بە بێگانە بکەم ، بۆیە نزار خەیلانی دەڵێن خۆم قسە لەگەڵ ماڵەوە دەکەم ، وەختێك دادەنێن لە شاری ( بۆن ) ساڵی 1984 ، نزار خەیلانی دەچێتە لایان و ڕوو لە دایکی ( گیزلا ) دەکات کە ناوی ( کۆرنیلیا ) بوو و دەڵێت : بۆ ( گیزلا ) شووم پێنەکات ، ( کۆرنیلیا ) دایکی کچەکە دەڵێت : ئێمە کچ نادەین بە بێگانە ، نزار خەیلانیش ( گیزلا ) ی خۆشدەوێت و زۆر بە حەماسەتەوە دەڵێت : خۆ من عەرەب نیم ، تورك نیم ، فارس نیم ، من کوردم کورد ، ( کۆرنیلیا ) دایکی ( گیزلا ) دەڵێت : ئاخر کێشەکە لەوەدایە کە کوردی ! عەرەب و تورك و فارس چییانە ، ئەوانە دەوڵەتیان هەیە ، ئالا و سەربەخۆیی خۆیان هەیە ، بەلام کورد چییە نە ئالای هەیە نە دەوڵەت !! سەرەنجام نزار خەیلانی و گیزلا هاوسەری یەکن و سێ منداڵیان هەیە بە ناوی ( شۆڕش + سارا + کاردۆ ) ، ( کۆرنیلیا ) ش خەسوویەتی !!!

41- مەمەندی سعب سدیفی ، کۆیی بوو ، بەلام کەوتبووە ڕانیەی تێکۆشەرێکی کۆنی حزبی شوعی بوو ، بەسالاچووبوو ، بووە یەکێتی لە یەکستیش ببووە ( شۆڕشگێڕان ) ، پیاوێکی دڵتەڕ و قسەخۆش و بەکەیف بوو ، سەر و سمێڵی ڕەش دەکردەوە ، هەموو ڕۆژێك ڕیشی دەتاشی ، جار بووە لەسەر سواری ( هێستر ) مەکینەی پاتری دەرهێناوە ، ڕیشی تاشیوە ، لە کۆبوونەوەی فراوان و گەورەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەشداری دەکرد چونکە کادیری پێشکەوتووی شۆڕشگێڕان بوو ، کە دەهاتە کۆبوونەوەکانی پاڵی بە دار و سینگەوە دەنا ، گفتوگۆی نەدەکرد و خەوی لێ دەکەوت ! جا لە بابەتی گرنگ و هۆشیاری بەخەبەریان دەهێنا و دەستیان لێی دەدا ، کە چاوی دەکردەوە لە پڕ ڕادەپەڕی و ڕاست دەیگوت ( چییە نا نخواردنە؟ )!!!

42- عومەر ئەحمەد قولی خەڵکی کۆیە بوو ، لە ساڵی 1981 لە ناو ڕیزەکانی ( ی.ن.ك ) دا پ.م بوو بەلام لە یەکەم ڕۆژەوە ڕووخا بوو ، بۆیە ناونرابوو عومەر ڕووخاو لەگەڵ ئەوەش ( عومەر گەرگول ) یشیان پێدەوت ، چونکە دەیگووت شۆڕ و پێشمەرگە پڕی گەرگولە ، کاری ئەوەبوو پێشمەرگە بڕووخێنێ ، خۆشی لە گریان تەسلیم نەدەبۆوە و بە کەتنەوە قسەی دەکرد و پێشمەرگەی دەڕووخاند و تەسلیم دەبۆوە ، ساڵی 1987 دەیەوێت تەسلیم بێتەوە مامۆستا عەلی حەوێز و مامۆستا هەندرێن قسەی لەگەڵ دەکەن کە

تەسلیم نەبێتەوە ، پێی دەڵێن کە ( ساحە )کە چۆڵ مەکە ، عومەر ڕووخاویش دەڵێت : بەخوای تەسلیم دەبمەوە و ساحەکەش چۆڵ دەکەم ئەگەر ( سەد گۆڵیشتان لێ بکرێت ) !!!

43- ساڵی 1985 ڕژێم بە سوپا و جاش و هێزێکی زۆرەوە هێرش دەکات و کێومالّی ناوچەکە دەکات ، مەفرەزە پێشمەرگەیەکی تیپی 86ی دەشتی هەولێر لە گوندی ( بانی مارن ) دەبن و لە ناو گوندی دەردەچن ، بەرەو لوولە و هەڕەشەکانیدا داربەسەر ، پاشان هێزی دووژمن دەگەڕێتەوە ، پێشمەرگەکانیش دەگەڕێنەوە و دەچنە گوندی ( شاخە پیسکە ) لەوێ جوتیارێك بە ناوی مام فەلاح لە پێشمەرگەکان دەپرسێت : بۆچی هەڵاتن و ڕاتانکرد و شەڕتان نەکرد ؟ پێشمەرگەکانیش دەڵێن : ڕامان نەکردووە و هەڵنەهاتووین ( ئینسحاب ) مان کردووە ، مام فەلاح دەڵێت ئەی بۆ کوێ چوون ، پێشمەرگەکانیش دەڵێن ئیختینامن کرد ، مام فەلاح دەڵێت : لەگەڵ شۆڕشی کۆن هیچ جیاوازییەکتان نییە تەنها هەڵاتن بووە بە ( ئینسحاب ) و خۆشاردنەوەش بووە بە ( ئیختنا ) !!!

44- مەفرەزەیەك پێشمەرگەی قووتی دەشتی هەولێر لە ساڵی 1982 دەچنە گوندی ( ش ) سەعات 4.5 بەیانی دەبێت ، چەند پێشمەرگەیەك لە دەرگای ماڵێك دەدەن بەو گەردی بەیانییە لە خەویان هەڵدەستێنن ! ژنێك دەرگا دەکاتەوە ، جلوبەرگی پیاوانەی لەبەرە ، بەڵام بە تووڕیی و ناڕازایی جنێو دەدات و بە پێشمەرگەکان دەڵێت : دایك و خوشکتان واو وا لێبکەم ، پێشمەرگەیەکیش سەیری پێدێت ئەو ژنە ئەو جنێوە ناشرینانە دەدات و جلوبەرگی پیاوانەشی لەبەرە ، بۆیە دەڵێت : بەچی دایك و خوشکمان واو وا لێدەکەیت؟!!!

45- خاڵە کاکەی نازەنینێ لیژنەی پیتاك و پارە کۆکردنەوە بوو لە ساڵی 1980 لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر ، دەچێتە گوندی سکتان کۆبوونەوە بە خەڵك دەکات و دەڵێت : خاوەن جووتە هێسترێك دوو دینارە ! خاوەن جووتە کەرێك یەك دینارە ناوی خواردنەکان دەخوێنیتەوە ، خاوەن هێسترەکان پارەکە دەدەن ! لە پڕ کابرایەك بە تورەیی لە مزگەوت دەردەپەڕێ و بۆڵە بۆڵ دەکات ، خاڵ کاکە دەڵێت بۆ دەڕۆیت ، کابرا دەڵێت : عەیب ناکەن من کەرم هەیە و باستان نەکردووە ، باجتان بۆ دانەناوم ، خاڵە

کاکە دەڵێت خۆت بێ عەقڵ مەکە ، کەرەکەی تۆمان بە هێستر حساب کردووە ، کابرا پێدەکەنێت و پارەی جووتە هێسترێك دەدات و تووڕەبوونی دەنیشێتەوە !!

46- پێشمەرگەکانی ( ی.ن.ك ) زۆربەی ناوی نهێنییان هەبوو ، بەو نازناوە بانگ دەکران و دەناسران ، ناوی نهێنی هەر سەردەمی شاخ بوو ، بەڵام دوای ڕا پەڕینیش ئەو نازناوانە هەر نەسڕانەوە ، کۆمەڵەی پێشمەرگە یاداشتێك بۆ مام جەلال دەنووسن ، کە ئیش و کارێکیان بۆ دیاری بکات ، ناوەکان دەنووسن و ئیمزای دەکەن و ناوەکان لەمانە پێك هاتبوون :
مام فیل / تیپی 57ی سەگرمە ، دێو حەسەن/ تیپی 51ی گەرمیان ، ئەحمەد چەقەڵ ، مام شێر ، سەردار دووان سەگ ! مام جەلال کە ئەو ناوانە دەبینێت دەڵێت : ئێمە شۆڕش و پێشمەرگایەتیمان کردووە لە شاخ یان حەدیقەی حەیوانا تمان داناوە !!!

47- پێشمەرگەیەکی خەڵکی گەرمیان لە تیپی 51ی گەرمیان بوو ، هێندە ئازا و جەربەزە و قارەمان بوو ، کون لە جەرگیا نەبوو ، لە چاوی ماری نەدەترسا ! هەموو پێشمەرگەکانی تیپی 58ی گەرمیان سەرسامبوون بە ئازایەتی و قارەمانێتی ئەو پێشمەرگەیە ! نهێنیەکەیان نەدەزانی کە بۆ هێندە ئازایە! چەند پێشمەرگەیەك لەگەڵی دەچنەوە ماڵێ ! ژنەکەی دەبینن هێندە ناشرین و ئێسك گرانە ، وەك دەعبایە ! پێشمەرگەکان دەڵێن زانیمان بۆ هێندە ئازا و قارەمانی چونکە دەوێری پەلاماری ئەو ژنە بدەیت و لەگەڵی بنوویت ، چونکە ئەو ژنە زۆر بەسامە ، هیچ ڕەبیە و سەربازگەیەك هێندە بە سام و ترسناك نییە !!!

48- ساڵی 1984 کادیرێکی سیاسی تیپی 51ی گەرمیان کۆبوونەوە بە گوندی شێخ حەمید دەکات لە بناری گل ، کە لەگەڵ گوندی ( برایم غوڵام ) لێك نزیکن و ئاقاریان یەکە ، کادیرەکە باسی سیاسەت و بابەتی کوردایەتی دەکات ، لێدەبێتەوە و تەواو دەبێت ، دەڵێت کەوا کێ پرسیاری هەیە ؟ ، یەکێك لە خەڵکی گوندی ( شێخ حەمید ) لە کادیرەکە دەپرسێت ئەرێ کاکی کادیر ( سنوور هەیە ) ، کادیرەکە دەحە پەسێت و سەیری پێدێت ، کە کابرایەکی لادێی و جوتیار ئەو قسانە بکات ، کادیرەکە زۆر قسان دەکات و خەتای دوژمن و داگیرکەران دەگرێت ، کوردستانیان وا پارچە پارچە و بەش بەش کردووە ،

سنووریان نەهێشتۆتەوە و سەرە نجام دەڵێت سنوور نییە ، کابرای خەڵکی گوندی شێخ حەمید دەڵێت ئەوجا زانیم سنوور نییە بۆیە خەڵکی گوندی ( برایم غوڵام ) شەڕمان پێدەفرۆشن و تەشقەڵەمان پێدەکەن و مەڕ و ماڵاتیان دێنە پاوانی ئێمە زەرەر دەدات ، تومەز سنوور نییە !!!

49- ساڵی 1983 مام جەلال بننە و بارەگای خۆی لە خڕێ ناوزەنگ لەو زەڵێیەوە گواستەوە ، هاتە ناوچەی خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان گوندی ( خەتێ ) ، دلێری سەید مەجید لە سەرکردایەتیەوە بە بناری کۆسرەتی بەرەو گوندی خەتێ لۆ لای مام جەلال کەوتەڕێ لە گوندی ( خدران ) ی بناری کۆسرەت تووشی دەبن و بە دلێری سەید مەجید دەڵێن بۆ کوێ دەچی ، ئەویش دەڵێت دەچمە سەرێ بۆ لای مام جەلال ، ئەوانیش دەڵێن مام جەلال لە خوارێیە لە گوندی ( خەتێ ) خۆ لەسەرێ نییە !! دلێری سەید مەجیش دەڵێت : خوارێی چی ؟ مام جەلال لە بنی بیریشدا بێت هەر لە سەرێیە !!

50- گوندی ( ) لە شارباژێڕ خەڵکی گوندی کۆدەبنەوە ، دەیانەوێت یاداشتێك ئیمزا بکەن بۆ هێنانی کارەبا و داوا لە دەسەڵاتداران بکەن و کارەبایان بۆ ڕاکێشن ، گوندەکەیان بۆ ڕووناك بکەنەوە ، یەکێك لەو خەڵکە ئەو یاداشتە ئیمزا ناکات و فشەی پێدێت و نکوڵی لێدەکات کە هەرگیز کارەبا نادرێتە گوندەکەیان ، سەرە نجام کابرا تووڕە دەبێت و دەڵێت : چاوەڕێی کارەبا مەبن ، کارەبا بێتە سەری ( زەکەرم ) نایەتە ئەو گوندە !! ڕۆژان ڕۆیی و گۆڕانی بەسەرداهات بەهۆی بارودۆخی سیاسی لە سەرکردایەتی کابرا گیرا ،هێندەی ئەشکە نجە دەدەن هیچ نادرکێنێ دوایی کارەبا لە هەموو گیانی دەدەن ، کارەبا لەسەری زەکەری دەدەن ، کابرا ڕاست پێدەکەنێت ، جەلادەکان بە لایانەوە سەیر دەبێت و لێی دەپرسن بۆ پێدەکەنی ئەو ئەشکە نجەیەت دەدەین و کارەبات لێدەدەین ، کابرا حاڵ و مەسەلەکە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : ئەوە کارەبا هاتە سەر زەکەرم ، بەڵام هێشتا کارەبا نەگەیشتە گوندەکەمان !!!

51- شەوێك با و بۆران و سەرمابوو ، لە شاخی سورێن بوون ، پێشمەرگەکان حزبی سۆشیالیست ، هەموو لە پاڵ بەردێکی گەورە نوایەك پەیدا دەکەن ، تا ڕۆژ دەبێتەوە و بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە ، هەر پێشمەرگەی پەنا بەرد و نوایەك دەبن ، شێروان شێروانەیی لێپرسراویان بوو ، ئەویش وەکو پێشمەرگەکان لە پەنا بەردێك بوو ، پێشمەرگەیەك لە پ.م لەتیف دەرویش حاتەم دەپرسێت وەزعت

چۆنە ؟ لەتیف دەڵێت خرا پم ، ئەی شێروان شێروانەیی لەکوێیە ؟ وتیان لەو پەنا بەردەیە ، لەتیف دەڵێت مەسئولەکان خۆیان لە جێگای خۆش و باش ، لە جێی گەرم و نەرمن ! خەمی ئێمەیان نییە ، شێروان شێروانەیی وەك ئەوان جێی ناخۆشە ! دەڵێت بە گۆڕی شەهیدان ئەبێت بێیتە شوێنەکەی من مادام وا خۆش و باشە ، هەردووکیان لە پەنا بەردەکە دەمێننەوە !!!

52- ڕۆژێك ساڵی 1980 محمدی سعب مەحموود و حامید سعب غالی لە شاخی سورێن دەبن ، حمید بانگی محمدی سعب مەحموود دەکات و دەڵێت : گیس ، گیس ، محمودی سعب مەحموودیش وا دەزانێ حەیوانە کێویەوە و دەڵێت مەبەستی ( گیسك )ە بۆیە پێی دەڵێچت بۆ وەستاوی دە بیکوژە ، تومەز حەمید ئاخاوتنەکەی جیاوازە و مەبەستی ( جەیش ) بووە !!!

53- پێشمەرگەیەك لە شارەزوور قسەی بۆ پێشمەرگەکان دەکرد و دەیگوت لە ماڵەوە مریشکێکمان هەیە هێلکەکەرە ، ئێواران ئاوی گەرمی دەدەینێ و بەیانیان هێلکەی کوڵاو دەکات ، پێشمەرگەیەك بە ناوی محمد دەڵێت : بەخوا ئەگەر ڕۆنی بدەنێ ، ئەوا دەیکاتە هێلکە و ڕۆن !!!

54- ڕۆژێك لە هاوین پێشمەرگەکان لە قوولەچاغ دەبن لە لای قەیوان ، وا بڕیاردەدەن سەعات سێی پاشنیوەڕۆ ئەو گوندە بەجێبهێڵن و بڕۆن ، هەندێك دەڵێن گەرمە بۆچی بەم گەرمایە بەڕێبکەوین ؟ هەندێکی دیکە دەڵێنمەوعیدە ، شێخ مەنسووری حەمیید دەڵێچت خۆ مەوقیفی پاس نییە تا پاسەکە چاوڕێمان بکات ، ئێمە بە پێ دەڕۆین کەی خۆش بوو و فێنك داهات دەڕۆین !!!

55- جارێك پێشمەرگەکانی حزبی سۆشیالست لە گوندی کانی مانگا دەبن ، شەو و حەرەسیات دادەنەن و نهێنی شەو دادەڕێژن ، شەو ( عارف عەلی ئەحمەد ) حەرەس دەبێت زەلامێك مەلای گوندی کانی مانگا ( مەلا ئەحمەد ) تێپەڕ دەبێت و پێشمەرگەکە میلی چەك ڕادەکێشێت و دەنگی دەدا و هاواردەکات : زەلام کێی؟! مەلا ئەحمەد کانی مانگا مشەوەش دەبێت و دەشڵەژێت و دەڵێت : مەلای مانگای کانی ئەحمەدم !!

56- شەوێك لە زستانێکە تاریك و نوتوك و ئەنگوستە چاودا پێشمەرگەکانی حزبی سۆشیالست بەو تاریکی شەوە کە چاو چاو نابینێ بەڕێ دەکەون ! پێشمەرگەیەك بە ناڕێکی و لاری دا دەڕوا محمدی سعب

مەحموود لێی دەپرسێت ئەریٚ بۆ بە ڕێك و پێکی بە ڕێدا ناڕۆیی ؟ ، پێشمەرگەکە دەڵێت : چاوم ناوە بە یەکدا ، هێندە تاریکە چاوم نابینیٚ بۆیە چاوم نوقاندووە ، مادام نابینم چاوم بۆ سەرف بکەم !!!

57- پێشمەرگەکانی حزبی سۆشیالست لە گوندی ( سۆلەمێش ) ی شارەزوور دابەش دەبن ، یەك دوو پێشمەرگە لە دەرگای ماڵێك دەدەن ، ماڵەکەش دەرگا ناکانەوە ، دەڵێت پیاوتان لە ماڵ نییە ! پێشمەرگەکانیش دەنگەکە بە دەنگی ئافرەت نازانن و بە دەنگی پیاوان دەچێت بۆیە دەڵێن : دەگاکە بکەرەوە ، نایەینە ماڵتان ، بەس ئەوەندە بزانین ، ژنیت یان پیاویت !!!

58- قادراغای مەمەنداغای نوورەدین ، فەرماندەی تیپی 68ی مامەندە بوو ، لەسەرەتای شۆڕشی نویٚ یەوە پێشمەرگە و فەرماندەیە ! تا بڵێی قسەخۆش و نوکتە بازە ، مەراقی دووربینە ! لە ناوچەی مەرگە و پشدەر لەگەڵ برادەرێکی لێپرسراو و ساردیان دەکەوتە نێوانەوە ، ناحەز قسە دەهێنن و دەبەن، وای لێدێت پێشمەرگەکانیش یەکتر دەبوغزێنن ، لە هەر گوندێك بن تێکەڵی یەك نابن ! قادراغاش بە کابرای لێپرسراو دەڵێت : ئێمە لە مێژەوە دۆستایەتیمان هەیە ، یەکتر دەناسین لە باوبا پیرەوە خۆشەویست و ناسیاوی یەك بووین مادام وایلێهات ناوی لێپرسراو دەهێنێت و دەڵێت : هەی لە فسێی بەم !! کابرای لێپرسراو ئەوە دەزانێت هێندەی دی ساردیان زیاتر دەبێت ، کار دەگاتە مەکتەب عەسکەری ،ملازم عومەر هەروەك لێپرسراو قسەیان لەگەڵ دەکات ، وە لێی دەکۆڵێتەوە ، باسی ئەو جوێنەی قادراغا دەکەن کە گووتویەتی هەی لە فسێی بەم ! قادراغاش دەڵێت : بەڵام گووتومە لە فسێی بەم ، فسەو دەڕوات خۆ ناگیردرێت ، چییە خۆ نەم وتووە لە کونی قنگێی بەم ئەمە چۆنییە ! ئیتر دەست دەکەن بە پێکەنین و ئاشت دەبنەوە ! دۆستایەتی یەکتر دەکەنەوە !!

59- ساڵی 1980 کاکە حەمەی سعب مەحموود کادیر هەرێمی یەك لەناو ( ی.ن.ك ) جەولەی زۆر سەرکەوتووی کرد لە ناوچەی خۆشناوەتی ، ڕۆڵی زۆر گەورەی بینی ، ناویان نابوو ناقیلەی مام جەلالی ، لە نێوان تووتیٚ و زینیٚ بەسەر هەوراز دەکەوێت ، ئەوساش کاکە حەمە هەر قەڵەو و بەخۆ بووە ، کابرایەکی خۆشناو یەخەی دەگرێت ، پێی دەڵێت : مەڕ و ماڵاتم زۆرە ، وەرە با پێکەوە شەریك بین واز لە پێشمەرگایەتی بێنە ! کاکە حەمەش دەڵێت واز لێبهێنە بەجێدەمێنم لە هەورازەکە ، کابرا هەر هەوڵ

دەدات و قسان دەکات پێی بسەلمێنێ ! کاکە حەمە نایسەلمێنێ و پەسەندی ناکات ، ئاخیری کابرای خۆشناو دەڵێت : برۆ چۆن خوا غەزەبی لێگرتووی بە 150 کیلۆوە کەوتوویتە دوای ئەو منداڵ و تواڵانە !

60- جارێك لە گوندی قادر پێشمەرگەیەك لە دەرگای ماڵی عبدالرحمان دەدات ، خاوەن ماڵ دەرگا ناکاتەوە ! بارانیش بووە ، خاوەنماڵ دەڵێت : پێشمەرگەیەکی خۆتان بە ناوی ئەحمەد لە دیووەخانەکە خەوتووە ، جێتان نابێتەوە ، پ.م یەك بە ناوی مەحموود دەڵێت : دەرگا بکەوە خۆ ئەحمەد سێ بە چوار نییە ، دیوەخانەکەی گرتبێت !

61- لە ساڵی 1980 پێشمەرگەکانی هەرێمی یەك لە قەسرۆکەوە بەڕێگابوون لەسەر چەقەی خوار جەلی ڕاوویاندا دوو پێشمەرگە چەکەکانیان لەبەر ماندوویەتیان لێ بەجێما ! فەقێ ئەحمەد خەڵکی کەلار بوو کڵاشینکۆفی لێبەجێمابوو ، حەمە فەرەج تەوێڵەیی بوو نارنجۆك ئەندازەکەی لەبیرچووبوو ، نارنجۆك ئەنداز گولەی وەك هێلکە قازوایە ، زرمە و گرمەی زۆرە ، تۆقێنەرە ، وەك تۆپ دەنگی دێت ، بە دەم ڕێگا و بوون لە نێوان جەلی و سماقووڵی ، حەمە فەرەج بە فەقێ ئەحمەد دەڵێت : چەکەکەت لەبیرچوو ، فەقێ ئەحمەدیش ئەڵێت : تۆ تۆپێکت لەبیرچووە من قسە ناکەم ، بۆ چەکێکی سووکی وەك کلاشینکۆف قسە ئەکەیت !!!

62 – سەرەتای شۆڕشی ساڵی 1976 پێشمەرگەکان لە چەمی زەڵم بوون حەزیان لە چا دەکرد ، پێیان نەدەکرا ئاگر بکەنەوە ، لەبەر ئاشکرابوون ئەو دەمە دوژمن زۆر بەهێز بوو ، دار و بەرد ڕەببیە و دوژمن بوو ، شێخ عەلی دەڵێت : داری بێ دوکەڵ بهێنن بۆ ئەوەی چای پێ لێبنەین ، دکتۆر تەها هەر دەگەڕا بە حامید سعب غالی دەڵێت : تۆ لادێیی پێم ناڵێیت داری بێ دوکەڵ کامەیە !!!

63- لە ڕۆژێکی بەستەڵەك و بەفردا ، پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی حەمەی سعب مەحموود ، لەناو بەفر وەزعیان زۆر خراپ دەبێت ، هەرچەند کاکە حەمە لە پێشەوە بەفرەکەی دەشکاند ، لەوەبوو ڕەقببنەوە بۆیە کاکە حەمە سعب مەحموود پێیان دەڵێت : سەری زەکەرتان بپێچنەوە ، چونکە سەرما لە سەری زەکەرەوە مرۆڤ دەکوژێت ،هەندێك لەو پێشمەرگانە پەڕۆ و شتێکیان پێنەبوو ، کڵاوەکانیان کردە

سەر زەکەریان ، دوایی گەیشتبوونە ناو ماڵان و کڵاوەکانیان کردەوە سەریان ، لە بری گریان پێکەنینیان دەهات !!!

64- سەرەتایی شۆڕش ، پێشمەرگە دوور لە ئاوایی بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە ، لە شارەزوور لە ناو زەلکا و گوڵەبەڕۆژە ، هاوینێك کاکە حەمەی سەعب مەحموود و چەند پێشمەرگەیەك لە ناو گوڵە بەڕۆژەکان خۆیان دەشارنەوە ، زەلامێك دەبینن ، بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان نەبینێت ، لە ناو زەلکاو و گوڵەبەڕۆژەکان دەبن ، جوتیارێك بۆ کاری ڕۆژانەی خۆی دەبوو کورتەزەل و شەخەلانە بسوتێنێت ، پێشمەرگەکانیش لەو ناوە دەبن ، کابراش هاتە ناو گوڵەبەڕۆژەکان شقارتەی دەرهێنا و ئاگری تێبەردا ، کاکە حەمەی سعب مەحموود چی بکات یان ئەبێت ئاشکرا بن یان ئەبێت بسوتێن ! یان ڕابکەن ، بۆیە کاکە حەمەی سعب مەحموود بە هێواشی لەناو گوڵەبەڕۆژەکان بە کابرای جوتیار دەڵێت : بۆ دەمانسوتێنی ، کابرای جوتیاریش کە نەیدیبوون بە توندی ڕادەپەڕێ و ڕادەکات ، دەکەوت و هەڵدەستایەوە ، شەهادە و ئیمانی دەهێنا ، سەڵەواتی لێدەدا و هەر ڕادەکا !!!

65- سەرەتای شۆڕش یەك لە چالاکیەکانی بردنی مەڕی حکومەت بوو ، دەستەك پێشمەرگە دەچن بۆ گوندی قەدەخەری بۆ بردنی 600 سەرمەڕی حکوومەت ، حەرەس دەرگا ناکاتەوە و دەرگاکە دەشکێنن ، مەڵاەکان بەرەو دەرەوە دێنە دەرەوە ، کاکە حەمەی سعب مەحموود بانگی پێشمەرگەیەك دەکات کە حاکم بووە ، دەڵێت حاکم با ئەو مەڕانە لێرەوە ببڕین ، حەرەس مەڕەکان ڕوو لە کاکە حەمەی سعب دەکات و دەڵێت : خوا نەبوونی بگرێت ، ڕووی نەبوونی ڕەش بێ ، ئەگینا حاکم و دزی مەلوان !!!

66- پێشمەرگەیەك تازە ببووە پێشمەرگە ، یەکەم ڕۆژی پێشمەرگایەتی بوو ، شەوێ گوتی لە کوێ بخەوم ، پێیان گووت زەوی ڕاخە ، ئاسن بەخۆت دادە ، بەردێکی نەرم پەیدا بکەم بۆ ژێر سەرت ، ئەو پێشمەرگەیەی کە تازە هاتبوو هەر لە دەوری خۆی دەگەڕا بۆ بەردێکی نەرم !!!

67- پاش ئەنفالەکان هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو سەر سنوور کشانەوە ، ڕۆژێکیان لە قەڵاکانی کانییەکە لە سەر سنووری عێراق و ئێران لە هەورامان ساڵی 1988 ، دوای وەستانی شەڕی عێراق و ئێران کاکە حەمە سعب مەحموود دەبینێت ، کۆمەڵێك پێشمەرگە لە ناو دانیشتبوون ، وەزعیان خراپە و

بەتانییان لە خۆ پێچاوە ، سەرمایانە ، حامیدی سعب غالی یان لەگەڵە ! کاکە حومو دە پرسێت بۆ نا پەڕنەوە لە ناو ئەو بەفرە دانیشتوون ، حامید سەعب غالی دەڵێت : ئێران ڕێگە نادا ، ئەڵێت ئێوە کۆمەڵەن ، کاکە حەمەی سعب مەحموود سۆشیالست بوو ، بە بازگە و پازگەکە دەڵێن : ئەوانە یەکێتی نیشتیمانین ! ئەوانیش دەڵێن کۆمەڵەن ، دوای بە حامید سعب غالی دەڵێت چیت وتووە ، دەڵێ گووتومە کۆمەڵەین لە ناو ( یەکێتی ) دا ئەی بۆ ناڵێی یەکێتین ، حامید دەڵێت : من مەبدەئیم هەردەبێ بڵێم کۆمەڵەم ، کاک حەمەی سعب مەحموود دەڵێت : حاڵت چۆنە لە ناو ئەو بەفرە !!!

68- ساڵی 1979 فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دامەزرا ، بارەگای لە زەڵێ بوو ، حەوت ئەندامی هەبوو هەریەکەو بەشێکی بەڕێوە دەبرد ، مام ڕۆستەم ئەندامی فەرماندەیی گشتی بوو ، جەبار یاوەریش لە بەشی پارێزەران کاری دەکرد ، هەر قسە و باسێك دەکرا ، خواردنەوەیەك و فشقیاتێك ، کاك نەوشیروان مستەفا لە قاسم ڕەش دەیزانییەوە ، بۆیە هەموو نیگەران بوون ، ئەو قسە و هەڵسوکەوت و نهێنیانە دەچنە دەرەوە ، مام ڕۆستەم گومان لە جەبار یاوەر دەکات ،بۆیە لە بارەگای قاسم ڕەش دەبێتە گفتوگۆ و مشتومڕیان ، جەبار یاوەر بێ ئاگای خۆی نیشان دەدات ، مام ڕۆستەم سوورە لەسەر ئەوەی ئەو ئەو شتانەی لای کاك نەوشیروان باسکردووە ، ئیتر مام ڕۆستەم دەگاتە تینی و دەڵێت : تۆ جاسووسی ! جەبار فەرمانیش دەڵێت ئاخر جاسووسی کێم ؟ لەو کاتە گفتوگۆیان گەرم دەبێت ، سێبەری کاك نەوشیروان دەردەکەوێت ، دیار دەبێ ! مام ڕۆستەم دەیبینێ و دەڵێت : جاسووسی مامۆستا نازمە ، مامۆستا نازم ئەوکات ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکێتی بوو ، پیاوێکی بێکێشە و بێ وەی بوو ، ئیتر بووە گوزارشت لە ناو پێشمەرگە ، کە نەدەوێران ناوی بە دەسەڵاتەکان بهێنن ، دەیانگووت : خەتای مامۆستا نازمە ، جاسووسی مامۆستا نازمە !

69- عومەری قالە گوڵەباخ جێگری تیپی مەڵبەندی دوو بوو ، ڕۆژێك لەسەر ڕێگای کانی سپیکەی پەرخ و گەرێزەی شارەزوور لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بۆسە دادەنێنەوە ، پۆلێك سەرخۆش لە ئەحمەدئاوا و سەراوی سوبحاناغا دەگەڕێنەوە ، توشی مەفرەزەکە دەبن ، پێشمەرگەکان دەڵێن : پێتان دەڵێن کورد ، ئێوە عەیب ناکەن دەخۆنەوە و خۆتان سەرخۆش دەکەن ، یەکێك لە سەرخۆشەکان ڕوو لە عومەر قالە

گوڵەباخ دەکات ، کە بە تاخم و تفەنگ و مەخزەن و شایلە و مەتارەوە ، وەستاوە دەڵێت : عەیب ناکەن سەر و دڵی ئێمەتان گرتووە ، تۆ سەیری خۆت کردووە بەو قایش و قرۆشەوە ئەڵێی ئەسپی ژێر عەرەبانەیت !!!

70- ساڵی 1977 پێشمەرگەکانی شارەزوور لە چەمی ڕیشێن خۆیان شاردبۆوە ، لە شوێنێکی تەڕ و ئاودار ، هەر چوار دەوریان ئاو بوو ، دکتۆر ڕەزا داوا لە پ.م تۆفیق دەکات مەتارەکەی پێ بدا ، هەندێك ئاوی بداتێ ، ئەویش دەڵێت یەك تنۆك ئاوت نادەمێ ، هەمووی ئاوە ، دوور بوو لە ئاوایی ، ماڵێك پێدەزانێت خواردنیان بۆ دەبات لە نان و دۆ و پیاز و برنجی سوور ، زۆریان پێخۆش بوو ، شەهید عەلی شیعە لێپرسراویان بوو ، گوتی ئەو نانە خۆشە بۆ بە خۆڕایی بخۆین ، هەقە شەڕێکی پێبکەین ، چوونە سەر ئەحمەد ئاوا و چالاکیەك ئەکەن و شەڕێك دەکەن بە نان و دۆ و پیاز و برنجی سوور !!!

71- لە بەهاری ساڵی 1983 مەفرەزەیەك پێشمەرگە لە گوندێکی شارەزوور دەبن ، خاوەن ماڵەکە لەبەر هەیوانێ دایاندەنا و تۆڵەکەیان دەداتێ ، هەر لەبەردەم ماڵەکە تۆڵەکە چانرابوو ، تۆڵەکە بە پڕی و چڕی بەرزببوەوە ، پێشمەرگەکان دەڵێن : ئەوە بۆ تۆڵەکەتان بۆ لێناوین ، خۆ بەر هەیوان و بەر ماڵەکەتان هەمووی تۆڵەکەیە ، یەکێك گوریسێکتان لە مل کردباین بۆ خۆمان لەبەردەم ماڵەکە لە ناو تۆڵەکە خۆمان دەبەستەوە و تێرمان دەخوارد !!!

72- دکتۆر خدر مەلا مەعسوم هەورامی ئەندامی مەکتەب سەرکردایەتی ( ی.ن.ك ) و لێپرسراوی لقی سێ بوو ، خەڵکی شار و ڕووناکبیر و خوێندەوارر زۆر لە دەور بوو ، دوو کوڕی کوردستانی تورکیا ، بە ناوی فورات و فەرهاد لە بارەگابوون ، فورات خەڵکی تاتلان بوو و فەرهاد خەڵکی سووش ! ئەو دوو زاتە هەتا بڵێی توندڕەو و لادەر بوون ، جگە لەوەش هەموو کافێکیان دەکرد ( قاف ) هەروەك کیپالینانیزم دەبوو . قاپتیالیزم تەنانەت مارکس و لۆکس ( دەبوونە مارکس و لۆکس ) ، فوڕات بە شانازیەوە باسی دەکرد کەوا نارنجۆکی فڕێداوەتە سەر باوکی چونکە ( فابریقیە )ی هەبووە ، لە قەپتیالیزمەکان بووە ، بەرامبەر باوکی ڕای سەیری هەبوو ، د.خدر بەرگەی ئەوانەی دەگرت ، شەوێك لە خەو د.خدر هەڵدەستێنن و پێی دەڵێن د.خدر ئیشمان پێتە ، دکتۆر خدر گوێیان لێدەگرێت و ئەوان دەبێژن ، دەزانین د.خدر جەنابت

ئاگات لێی نییە ئەو پێشمەرگانە خیانەت دەکەن و کاری بوور جوازیانە دەکەن ، د.خدر دەڵێت : خیانەتی چی ؟ کاری بوورجوازیانەی وەك چی ؟ ئەوان دەڵێن : شەوانە پێشمەرگەکان بێ ئاگاداری تۆ کاستەر دەخۆن !!!

73- لە بەهاری ساڵی 1982 حەمە عەلی بەرزنجی و ئازاد وەردەنێزی لە تیپی 37ی شارەزباژێر بوون ، لە شارباژێڕ لە گوندێك دادەمەزرێن ، لە ماڵی جوتیارێك ، ماڵەکە گیای کولاویان بۆ دادەنێن ، ئازاد وەردەنێزی دەڵێت : گەر بمان زانیبوایە گیامان بۆ لێدەنێن ، لەو شاخ و داخە گژوگیا زۆربوو ، خۆمان بە لەوەڕ دەهاتین ، چ پێویستی بە لێنانی دەکرد !!!

74- <u>پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ك) لە تیپی 37ی شارباژێڕ کە سەلاح چاوشین سەرتیپی بوو ، بە چەکی کلاشینکۆفەوە دەبێتە سۆشیالست (حسك) ، چەکەکەی دەفرۆشێ ، ماوەیەك لە سۆشیالست دەبێت ، چەکێك دەبات و دەیفرۆشێت ، دەبێتە پارتی</u>

75- مەحموود خۆشناو ، هونەرمەندی دەست ڕەنگین و خۆشنووس لە سەرکردایەتی دەبێت لە دۆڵی جافایەتی ، مەحموود خۆشناو زمان دەگرێت ، وە تۆزێك لاتە ، لە ساڵی 1985 تۆپ و تەیارە لەوێ بۆردومان دەکات ، مەحموود خۆشناو بە ماڵ و منداڵەوە لە گوندی هەڵەدن لە کانی سێوکە دەبێت ، تەیارە دێت ، مەحموود خۆشنتو بە ژنەکەی دەڵێت : ژنەکە تە ، تە ، تە ، تە ، ژنەکەش بە پێکەنینەوە پێی دەڵێت : پیاوەکە ئەوە تەیارە بوو چووە ئێران و بۆردومانی کرد و هاتەوەش !!!

76- مامۆستا عەلی حەوێزی ئەندامی م.س بوو ، هاتە دەشتی کۆیە ، لە هەر گوندێك کۆبوونەوەی دەکرد و خەڵکی کۆدەکردەوە ، قسەکانی وەك یەك بوون وەك لەبەری کردبێ وابوو ، جەمال عەباساغی دۆندار ، شێت نەبوو بەلام عەقڵیشی تەواو نەبوو ، هەمیشە دروشم و قسەی ئێستگەی بۆ پێشمەرگە دەخوێندەوە ، خۆی لە دۆندار دەژیا بەلام کەس و کار و خزمی لە گوندی (خراپە) هەبوو ، لە گوندی خراپە گوێی لە قسەکانی مامۆستا عەلی حەوێز بوو زۆر بە وردی و سەرنجەوە قسەکانی وەردەگرت ، مامۆستا عەلی حەوێز لە قسەکانی دەیگوت : مەمنوونی قوونی ئەو پێشمەرگانە بن کە هێلکە بۆ پێشمەرگە دەکەن ، د.خالید و عەلی عەسکەری و حسێن بابە شێخان بە چەکی قورس شەهید کرد ،

دەستیشی لەسەر سینگی خۆی دەدا ، بۆی دەهاتە سەر چۆك شعرێك لە شۆڕشی كردبووە وتار ، با هەناوی چاوی منداڵەكان دەبهێنین ، لەسەر سینگی ئافرەت مەمك نەڕوێ ، كورد نافەوتێ و حوشتر ناگاتە قەندیل ، دوایی شعرێكی حاجی قادر كۆیی دەگووت تەكبیر بكەن بێ دەنگ ، هەندەی پەندی كوردی دەهێنایەوە و دەیگووت عەیبە دەیت بە كڵاوی خۆمانەوە بگرین با نەیبا ، با بیبا ، ئیتر قسەی كۆبوونەوەكان وەك یەك ئەبن ، جەمالاغای عەباساغای دۆندار قسەكانی دەرخ كردبوو ، مامۆستا عەلی حەوێز هاتە دۆندار هەمان قسەی دووبارە دەكردەوە ! جار و بار شتێكی كەمی لەبیردەچوو ، یان قسەكانی پاش و پێش دەكرد ، جەمالاغای عەباساغای دۆندار لە گوندی دۆندار دووبارە و هەمدیسان هاتە كۆبوونەوەكە ، دەبینێ هەمان قسەیە ! دوای مامۆستا عەلی حەوێزی كێ پرسیاری هەیە ؟ بۆ جەمالاغای عەباساغا دەستی هەڵنەبڕی ، مامۆستا عەلی حەوێز گووتی فەرموو ، جەمالاغا گووتی : مامۆستا كڵاوەكەت لەبیرچووە ، مامۆستا عەلی حەوێز گووتی كام كڵاو ، تەنیشت و دەوروپشتی گەڕا ، جەمالاغا گووتی : ئەو كڵاوەی ( با ) دەیبا ... با بیبا !!!

77- كوڕێكی مێردمنداڵە هەبوو ، جوانكیلە و تازە و هەڵچوو بوو ، ماڵیان لەسەر جادەی قیر و سەرەكی بوو ، تێكەڵاوی پێشمەرگە بوو بوو ، هەندێك پێشمەرگەش فێری خواردنەوە و شتی خراپیان كردبوو ، دتیكی كوڕەكە هەستی پێكرد بۆیە دەیگوت : كوڕەكەم جاران پۆشكە بە قوونانی نەدەچوو ، ئێستا ئاروانی پێ فەراحن !!!

78- ( ح.ح.خ ) حەز لە كچێك دەكات ، كابرا هێندە ناودەمی ماچدەكات و دەمی لەسەر دەمی دادەنێ ، هەتا هەناسەبڕی دەكات بۆیە كچەكە دەڵێت : كوڕە خنكیام وەگوپ وەگوپ !!

79- ساڵی 1981 پۆلێك پێشمەرگە لە گوندی ( شیرێ ) دابەش دەبن ، م.ت ئەندامی سەركردایەتی بوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لە ماڵێك دابەش دەبن ، كابرای خاوەنماڵ لەگەڵ ژنەكەی نان دەخوات ، چ حسابێك بۆ ئەو پێشمەرگانە ناكات ، فەرمووش ناكا ، ناچار م.ت دەست بە قسان دەكات و دەیەوێت كابرای خاوەن ماڵ بدوێنێ ن بە كابرای خاوەن ماڵ دەڵێت : جەنابت پێشمەرگایەتیت كردووە ؟ كابراش لەسەر نا نخواردن و پاروو لە ناو دەمەوە دەڵێت : جا كێ ئەو گەوادیەی نەكردووە !!!

80- ساڵی 1983 کابرایەکی مەڕخواردەیی بناری خاڵ خاڵان لەگەڵ کوڕەکەی لە پێشمەرگەکانی تیپی 21ی کەرکووك دەگەڕێت لە گوندی ( گەلناغاج ) تووشی کەژێك پێشمەرگە دەبێت ! بە ( ڕەفعەت عبدالله ) کە ئەوسا ڕابەری سیاسی کەرتی تیپی 21ی کرکووك بووە ، دەڵێت : ئەو کوڕەم هێناوە بۆ پێشمەرگایەتی ، ڕەفعەت و ئەوان سەیریان پێدێ ، لە کابرا دەپرسن بۆ دەیکەیتە پێشمەرگە ، کابرای مەڕخواردەیی دەڵێت : وەڵاهی ڕاستی بێ کوڕم گەلێك خوێری و بێ کەڵکە ، بە کەڵکی ئیش و کار نایەت ، بۆیە هەر بۆ ئێوە باشە !! بۆیە دەمەوێت ببێتە پێشمەرگە ، پێشمەرگەکان تووڕە دەبن و دەیانەوێت لێی دەن ڕەفعەت عبدالله ناهێڵێ لێی دەن ، کابرای مەڕخواردەیی دەڵێت بە خوای بێکەڵکە ، بەس بە کەڵکی پێشمەرگایەتی دێت ! ئێوەش نایکەنە پێشمەرگە !!!